# فەلسەفە لە دەڵاڵانەوە

مامۆستا سەجاد، مامۆستای پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە فێرگەی دەڵاڵان، کارێکی زۆری لەسەر کتێبی 52 پرسیار کردووە. کتێبەکەی وەک بابەتی وانەی فەلسەفەی بۆ چالاککردنی پرۆسەی بیرکردنەوەی فێرخوازەکانی، بەکارهێناوە. چەند پرسیارێکی لێهەڵبژاردووە، فێرخوازەکانیش، هەر هەفتەی کاریان لەسەر پرسیارێک کردووە.
ئەمە چەند نموونەیەکە لە وەڵامی فێرخوازەکان.

پرسیار : لە کوێوە هاتووین ( مەبەستی پرسیارەکە ئەوەیە، کە ئێمە چۆن پەیدابووین؟ ) ؟
وەڵام : بەبڕوای خۆم، من لە دایک و باوکمەوە هاتووم.
پرسیار : بۆکوێ دەچیت ؟
وەڵام : بۆ ژیان هاتوم و ڕۆژێک دابێت ببم بە ئەندازیار و ببمە بەشێک لە ژیانی مرۆڤایەتی و پەرەپێدان.
پرسیار : بۆکوێ ئەڕۆین ؟
وەڵام : هەر کەسە و ژیانی بەرەو شوێنێک دەڕوات و هەر مرۆڤە و بە بیروڕای خۆی بۆ شوێنێک دەڕوات، بەڵام من لە ژیان بەردەوام دەبم و لە کۆتاییشدا دەگەڕێمەوە بۆ باوەشی سروشت.

لارا جەعفەر
پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی
قوتابخانەی دەڵاڵان.

پرسیار : لە کوێوە هاتویت؟
وەڵام : لەو زەویەدا چۆن ئەو هەموو زیندەوەرە هەیە منیش هەم. هەست دەکەم دایکم و باوکم منیان دروست کردووە، بەڵام باوەڕیشم وایە هەموو ئەو شتانەی هەنە هێزێک دروستی کردوون ئەویش ( خوایە )
پرسیار : بۆچی هایویت ؟
وەڵام : بۆ ئەوە هاتووم کە خزمەت بە مرۆڤایەتی بکەم و لە ئایندەدا ببم بە کەسێکی باش !
پرسیار : بۆکوێ دەچی ؟
وەڵام : باوەڕم بەوە هەیە کە ڕۆژێک دادێت دنیا بەجێ دەهێڵم، بەڵام ئەگەر کەسێکی باشبم ئەوا لەو دونیای کەش ئاسوودە دەبم.

لەنیا ئیبراهیم
پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی
قوتابخانەی دەڵاڵان

پرسیار : لەکوێوە هاتویت ؟
وەڵام : لە خاک ڕا هاتووین.

پرسیار : بۆچی هاتووین؟
وەڵام : بۆ تەبایی و برایەتی و یەکسانی و کۆمەڵگەیەکی یەکسان هاتووین.
پرسیار : بۆ کوێ دەچین؟
وەڵام : بۆ دنیای ژین، ژینی ئینسانی.

هێڤین حەمەد باییز
پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی
قوتابخانەی دەڵاڵان.

پ 1 : لەسکی دایکمەوە هاتووم.
پ 2 : بۆ پێشخستنی ژیان و مرۆڤایەتی هاتووم.
پ 3 : دەمرم و دەچمە بەر بارەگای خودا.

شکۆ باوەڕ
پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی
قوتابخانەی دەڵاڵان.



منداڵانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی فێرگەی دەڵاڵان، بەهاری ٢٠١٠